# لادان لە شێوازی باوی نووسین لە شیعری هاوچەرخی کوردییدا
## شیعری دوای راپەڕین (1991-2003) بە نموونە
### (لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەرییە)

**ID No. 608**

(PP 107 - 128)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.3.9

**کامران ابابکر خضر**

بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە/

زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر

kamaran.khudhur@su.edu.krd

**سەلیم رەشید ساڵح**

بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی پەروەردە/

زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر

salim.salih@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2022/9/21**

**پەسندکردن : 2022/10/30**

**بڵاوکردنەوە : 2023/07/25**

**پوختە**

زمان کۆڵەگەی سەرەکییە لە لێکۆڵینەوەی شێوازگەرییدا، یەکێکیش لەو بنەمایانە (لادان)ە لە یاسا و دەستووری زمانەکە، بەپێی بیروبۆچونی زۆربەی شێوازگەرەکان، لادان بنەڕەتێکی سەرەکی شیعرییەتە، کە بەهۆیەوە دەقی شیعریی لە دەربڕینی ئاسایی و ڕۆژانە جیادەکاتەوە، چونکە شێوازی بەکارهێنانی زمان تێیدا جیاوازە، ئەم لێکۆڵینەوەیەش هەوڵێکە بۆ پشاندان و دەرخستنی جۆرێك لە لادانی شێوەي باوي نووسین لە دەقی شیعری کوردی دوای راپەڕین.

**کلیلە وشە:** لادان، بۆشایی شیعریی، شیعریی وێنەیی، شیعریی شێوەکاری، شیعریی شێوە ئەندازەیی.

**1 . پێشەکی:**

شیعر زمانی ناوەوەی مرۆڤە و بوونێکی گەردوونی هەیە، گەڕانە بە دوای حەقیقەتی جوانی و پیشاندانی ستاتیکا لە (بوون)دا، بۆیە شێوە و فۆرمێکی چەسپاو و نەگۆڕی نییە، لە چرکەیەکەوە بۆ چرکەیەکیتر، لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکیتر، لە گۆشەنیگایەکی خوێندنەوە بۆ دیدگایەکی تري بینین دەگۆریت، ئەم گۆڕانەش لەلایەك پەیوەستە بەو کاریگەرییە ناوەکی و دەرەکییەکانەی (رامیاری، ئابووری، رۆشەنبیری، ئەدەبی، رەخنەیی...) بەسەر تەواوی لایەنەکانی ژیان دێن و لە لایەکی تریش پەیوەستە بە بیر و هەست و باری دەروونی و ڕۆشەنبیری شاعیر.

یەکێك لەو گۆرانکارییایە شێوازییانەش، کە بە روونی لە قۆناغەکانی شیعری کوردی هەستی پێدەکرێت؛ گۆڕانکارییە لە شێوە و تۆپۆگرافیای دەق، کە بەهۆی (لادان لە شێوە و پرۆسەی نووسینی زمانی باو) دروستدەبێت.

**1-1: ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:**

ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە؛ (لادان لە شێوازی باوی نووسین لە شیعری هاوچەرخی کوردییدا- شیعریی دوای راپەڕین (1991-2003) بە نموونە).

**2-1: هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:**

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ نوێگەرایی و گۆرانگاریی لە شێوە-فۆڕم شیعریی دوای ڕاپەڕین (1991-2003) بەسەر فۆڕمی و تۆپۆگرافیایی شیعری هاوچەرخی کوردیی لە باشووری کوردستان هاتوون:

**3-1: گرنگی لێکۆڵینەوەکە:**

بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی گرێدراوەتە چەند لایەنێك، بەتایبەتی لە (بەشی پراکتیکی) یەکەییدا، کە هەوڵدراوە:

زۆربەی شێوەکانی نووسینی شیعری هاوچەرخ لەخۆ بگرێت، کە لە توێژینەوەکانی تردا گرنگی بە هەندێکیان دراوە و هەندێکی تر فەرامۆشکراون.

- بە چاوخشاندن بە دیوانە شیعرەکانی ئەم قۆناغە، بۆ هەر (شێوازێکی لادانێکی شێوەیی) باشترین دەقی شیعریی دەستەبژێر بکرێت.

**4/1: سنووری لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە بواری شێوازی شیعریی هاوچەرخی کوردیی، لە باشووری کوردستان-کرمانجی ناوەڕست لە قۆناغی (دوای راپەڕین1991-2003) لە لایەنی لادان لە پرۆسەی نووسین و پیشاندانی شێوە و تۆپۆگرافیادا.

**5/1: میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:**

میتۆدی ئەم لێکۆڵینەوەیە، میتۆدی شێوازگەرییە بۆ پیشاندان و خستنەڕووی شێوە و فۆڕمی شیعری قۆناغێك لە شیعری کوردییدا.

**6/1: پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:**

بەگشتی لێکۆڵینەوەکە لە (پێشەکی) و (دوو تەوەرە) و (ئەنجام) و (لیستی سەرچاوەکان) و پوختەیەك بە (زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی) پێکدێت؛ تەوەرەکانیش ئەمانە دەگرنەخۆ:

تەوەرەی یەکەم: سەرنجێکی گشتییە بۆ لادان وەك بنەمایەکی شێوازیی و پێویستییەکی شیعریی، دواتر باس لە جۆرەکانی لادان لە دەقی ئەدەبی بەگشتی و شیعری بەتایبەتی دەکات، هەر لە هەمان تەوەرەدا تیشك دەخرێتە (سەر ئەرکی شیعر) و (زمانی شیعریی)، باس لە جۆر و شێوە و چۆنییەتی زمانی شیعریی دەکرێت، دواتر هەر لەوێدا باس لە زمانی شیعریی قۆناغەکان لە ئەدەبی کوردی دەکرێت و بۆچوونی بەشێك لە شاعیرانی هاوچەرخ لە بارەی زمانی شیعری قۆناغە دەخرێنە بەرباس.

تەوەرەی دووەم: بە ناونیشانی سەرەکی (لادان لە شێوازی باوی نووسین)ە، لەوێدا شێوەی باوی نووسینی زمانەکان و جیاوازی نێوانیان خراوەتەڕوو، دواتر لادان لە پرۆسەی شیعر نووسین لە شێوەی باوی نووسین لە زمانی کوردییدا خراوەتەڕوو، هەر لەوێش فۆرم و شێوەی شیعری کۆنی کوردیی بە بەڵگەوە دەخرێتەڕوو، دواتر بە کارکردن لە سەر شێوە و دابەشبوونی وشە و رستەکان لە شیعری هاوچەرخی کوریی و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر رووبەری پەرەدا لە پرۆسەی نووسینی شیعردا هاتوون، بە نموونەی شیعری قۆناغەکە دەخرێنە پێش چاو، دواتر لە کۆی پرۆسەی توێژینەوەکەدا، چەند (ئەنجام)ێك دەستگیردەبێت و لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو.

هەڵبەت لەم توێژینەوەیە سوود لە چەندین سەرچاوە وەرگیراوە، بۆیە لە (لیستی سەرچاوەکان)دا، تەواوی ئەو توێژینەوە و دیوانەشیعر و وتارانە ئاماژەیان پێکراوە.

**1/3: تێڕوانینێکی گشتی بۆ لادان و جۆرەکانی لادان لە دەقدا:**

لادان یەکێکە لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی شێواز، تەنانەت جۆرێك لە شێوازگەرەکان لەوانە: (جان کۆهین، یاکۆپسن، لیۆسپیتزەر، مەسەدی ..) شێوازگەری بە (لادان لە پێوەر و یاساکانی زمان)(کوهن، 1986: 17)، پێناسە دەکەن، پێداگیری لە سەر هەبوونی لادان لە دەقی ئەدەبی دەکەنەوە، باوەڕیان وایە: (هیچ شیعرێك نییە خاڵی بێ لە لادان) (کۆهێن، 2008: 91) ، بە واتایەکی تر هەموو شیعرێك جۆرێك لادانی تێدایە، کە خوێنەر و بینەر هەستی پێدەکات، هەر بۆیەشە ئەمە دەبێتە ئەدگار و پێکهاتەی شیعر و شیعر لە دەربڕینی ئاسایی و ژانرەکانی تری ئەدەب جیادەکاتەوە.

لەم سۆنگەوە شاعیر هەوڵدەدات زمانێکی کاریگەر و سەرنجڕاکێش بۆ نووسینی دەقەکەی بەکاربێنێ، ئەمەش لە ڕێگەی لادان و دەرچوون لە یاساو دەستوورە باوەکان بەدیدێت، بۆیە شاعیر هەمیشە پەنای دەباتە بەر لادان لە یاسا و کۆتە زمانییەکەیی و هەوڵدەدات دەقەکەی جۆرێك لە جۆرەکانی لادان بەکاربێنێت، زۆرجاریش ئەو جۆرە دەبێتە شێوازی شاعیرەکەو پێی دەناسرێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی (لادان) چەند جۆرێکی هەیە، ئەوەی تا ئێستا بە زەقی لێکۆلەران گرنگییان پێداوە و جەختی لە سەر دەکەنەوە (لادانی زمانی)یە، واتە لە گۆشە نیگای زمانەوە سەیری (لادان) دەکەن، کە خۆی دەبینێتەوە لە لایەنی(دەنگ و پێکهاتە و واتای)ی لە دەقدا، کە ئەمانە گرێدراون بە خودی وشە و شێوە و جۆری بەکارهێنانی لای شاعیر، بەڵام ئەوەی لێرە جێگای بایەخی ئێمەیە جۆرێکی ترە، ئەویش (لادانە لە پرۆسە و شێوەی نووسین) لە دەقدا، کە ئەمە وەك بەرگی دەق وایە و تەواوی جۆرەکانی تر(لادانی زمانی) دەگرێتەخۆ، یان هەر ئەو لادانانەن دەبنە مایەی ئەم جۆرە.

بەواتایەکی؛ شاعیر سەرەڕای ئەوەی هەوڵدەدات زمان و شێوازە شیعرییەکەی بەهۆی لادانی زمانییەوە، لە زمانی ئاسایی و ڕۆژانە جیابکاتەوە، هەندێجار بەوە ناوەستێت! بەڵکو هەوڵدەدات لە تەواوی پرۆسە و شێوەی نووسین زمانەکەش لابدات، تاکو زیاتر ببێتە جێگای سەرنج و ڕامان، بەمەش دەق لە پرۆسەی (خوێندنەوە- واتا) و (بینین)یشدا بەر لایەنی لادان دەکەوێت،ئەمەش ڕێگەیەکە بۆنوێگەری و تازەگەری و داهێنان لە دەقدا، بۆیە زۆرجار ئەم لادانە-شێوەی نووسین، یارمەتیدەرە بۆ (شلۆڤەکردنی زۆر لە دیاردە

سەرنج ڕاکێشەکان لە دەقدا)(فضل، 1998: 182-183)، کە ڕەنگە نووسین و خوێندنەوە لە ئاستییدا بێدەسەڵاتبن، هەندێجاریش بە ئاوێتەکردنییان هێز و پیزی زیاتر بە شیعرییەتی دەقەکە دەدەن، دەبنە هۆی جوانی و ستاتیکی لە خودی زمانەکەش، چونکە (ڕەسەنایەتی هەر لەوە نییە، کە مرۆڤ یاساکانی زمانەکە جێبەجێ بکات، بەڵکو هەندێجار لە ڕێگەی بەزاندن و شکاندنی یاساکانەوە دروست دەبێ، ئەو ڕەسەنایەتییە کە چاکتر وایە بە داهێنان ناوی بەرین) (فەتاح، 2010: 43)، چونکە کاتێك شاعیر لە شێوەی نوسینی زمانەکەی لادەدات، شوێنی وشە و رستەکان دەگۆرێت، بەمەش راستەخۆ تۆپۆگرافیاییەکی تر بۆ دەق لە دایك دەبێت، کەواتە دەتوانین بڵێین لادان یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی شێواز و زۆرجار شێوازی شاعیر بە جۆری لادانەکەی دەناسرێتەوە، واتە ئەم لادانە دەبێتە شوناسی شێوازی شاعیر.

**2/3: ئەرکی شیعر زمانی شیعریی:**

هەر گوتنێك کاتێك لە وێنە و کۆد (وشە)دا، خۆی نمایش دەکات، ئەوا پێکهاتەیەکی جەستەیی لە ڕێگای زمانی (نووسین)ەوە بۆ دروست دەبێت، زمان ڕۆڵێکی سەرەکی و گرینگی لە بەیەکگەیاندنی نێرەر و وەرگر- نووسەر و خوێنەر دەگێڕێت، چونکە زمان بونێکی کۆمەڵایەتی هەیە و لای هەموو تاکێك بەکاردێت، دەورێکی باڵا لە خزمەتکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەهەموو بوارەکانەوە دەگێڕێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوە و پلە و پێکهاتەی زمان لە (دەقێکی ئەدەبی) بۆ (دەقێکی نائەدەبی-زانستی) و تەنانەت لەناو ژانرەئەدەبییەکانیش جیاوازە.

+ بەواتایەکی تر: هەرچەندە بڕبڕەی پشتی ئەدەب؛ زمـــــــــانە، بەڵام کام زمـــــــــانە؟

شێوازی زمانی ئەدەبی لە شێوازی زمانی ئاسایی و خۆکاردا، لە رووی داڕشتن و پێکهاتەوە جیاوازە و باڵاترە لەچاو زمانی ئاسایی و رۆژانە، چونکە لە زمانی ئەدەبییدا سەرەڕای گەیاندنی پەیام و مەبەست بە (وەرگر و خوێنەر)؛ زمان ڕۆڵێکی (ستاتیك)یش دەبینێت. لەم دیدگەوە پرۆسەی داهێنانی دەقی شیعری خۆی لە پێکهاتەی زمانی (شیعرییەت) دەبینێتەوە، کە ئەویش راستەخۆ پەیوەستە بە هەڵبژاردنی ئەو وشە و دەستەواژە و رستە و دەربڕینانەی، کە لە فەرهەنگی زمانەکەدا هەن و دواتر بە گواستنەوە و لادان لەم شوێن و لە پێکهاتە زمانییە، دەقێکی شیعری دەئەفرێنێت، بەواتایەکی تر شاعیر ئازادە و بە ئارەزووی خۆی و بەپێی پێویستی بابەت و جیهانبینییەکەی، وشەکانی لە فەرهەنگی زمانەکەییدا هەڵدەبژێرێت و بەکاریاندەهێنێت، هەندێکجاریش بە (لادان) لە پێکهاتەی واتایی و فەرهەنگییەکەوە،داهێنانەکەی مەیسەرتر دەکات، بۆیە زمان بنەڕەت و کۆڵەگەی بەهێزی شیعرە و تاکە ئامرازە بە دەستی شاعیر، بۆ دەربڕینی بیر و هەست و نەستی و ناردنی پەیام بۆ وەرگر و خوێنەر، وەك لەم بارەیەوە (کۆڵدریج) دەڵێت: (زمانی شیعری لە ڕێ و شوێن و پێکهاتەی بنیاتی دەقدا سەرەکیترین و مەزنترین رەگەزە)(قاسم ،2006: 7).

ئەگەرچی شێوازی ستاتیکای زمانی لە زمانی شیعرییدا، لەلای هەر نەتەوەیەك لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر جیاوازە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ستوونە ستاتیکییەکەی لەدەست بدات، وەك لە سیما هەرە دیارەکانی شێوازی شیعری کۆنی کوردی لەلایەنی (ڕەوانبێژی و بەکارهێنانی وشەی بێگانە عەرەبی و فارسی...) و لە شیعری نوێی کوردیشدا (گەڕانەوە بۆ وشە رەسەنە کوردییەکان و پاکتاوکردنی زمان لە وشەی بێگانە) بوو، لەلایەکی تر زمانی شیعری هاوچەرخ- پێش راپەرین (زمانی رەمز و لوغز) ببوونە ئەدگاری دیاری شێوازی ئەو قۆناغەکە، بەڵام لەم قۆناغەدا زمانی شیعریی بەکارهێنانێکی باڵاتری هەیە، چونکە زمانێکی تری لەبوونی خۆیدا خەلقکردووە، وەك (سەباح رەنجدەر) دەڵێت: (من زمان دەنووسم، لەبارەی زمانەوە نانووسم) (ڕەنجدەر، 2019: 44)، کە مەبەست خۆنەبەستنەوە و خۆبەدوورگرتنە لە پێکهاتەی داڕشتنی وشەی سواو و شێوەی باو و واتای فەرهەنگی وشە، بۆیە (دڵشاد عەبدوڵلا) باوەڕی وایە زمانی شیعری تازە؛ (زمانی سووتانە، زمانی وردبوونەوە و رامانە) (عەبدوڵلا، 2006: 40)، رامانێکە لە قوڵی لە دەربڕین و شێوەی نووسینە، بۆیە بیرێکی قووڵ و رامانێکی فراوانی دەوێت، تا خوێنەر واتای دەقەکە دەدۆزێتەوە.

بەهەمان شێوە (ئەنوەر مەسیفی)یش جەخت لەسەر ئەم زمانە دەکاتەوە، دەڵێت: (زمانی شیعری جانتایەکی پڕ فۆڕمی گرانە، نە بەهەموو خوێنەرێك دەکرێتەوە و نە بەهەموو نووسەرێکیش دەگوازرێتەوە)(مەسیفی، 2005: 147)، بەواتایەکی تر زمانی شیعری هەموو شتێك لەخۆ ناگرێت و دەرناخات، چونکە ئەگەر هەموو شتێکی گوتبا و دەرخستبا دەمێك بوو ئەدەب ببووە دیاردەیەکی سروشتی، بۆیە ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی دیاردەیەکی ناسروشتیین، هەر بۆیە (ئەدەب مەعبەدی زمانە، زمانی ئەدەبیش عیبادەتە)(مەسیفی، 2005: 152).

لەم دیدگەوە زمان و پێکهاتەی زمانی رۆحی هەر دەقێکی شیعریین، هەر لە سەردەمی یۆنانییەکان (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) و گریکەکان (هۆراس)، بایەخ بەم لایەنە دراوە، کاتێك هۆشداری بە شاعیران دراوە، کە وشەی ساردو سڕ و مردوو بەکارنەهێنن، هەروەها (کۆنتلیان)یش جەخت لە هەڵبژاردنی وشەی لەبار و گونجاو دەکات، کە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دەقی ئەدەبی

هەیە،(بڕوانە: ئیبراهیم، 2012: 16)،ئەمەش راستەوخۆ گرێدراوی (ڕەهەندی هەڵبژاردن)ە لە شێوازدا، بۆیە کارکردنی شاعیرانی ئەم قۆناغە لەژێر رۆشنایی ئەوەی، کە (زمان ماڵی بوونە)، بایەخیان بە خودی زمان و ناوەوەی زمان داوە، هەر لە لایەنی پێکهاتەی (وشە و رستەو زمانی دەق) لە رووی هەڵبژاردن و ریزبوون و پێکەوەهاتنی وشە و پێدانی واتای نوێ و دوورخستنەوەیان لە واتای فەرهەنگی و هاتنی شێوەی جیاواز.

گرنگیدان بەم سیستەمە ناباوە لە شێوەدا، بەشێکە لە هەوڵ و کۆششی ئەدەبی تازەگەریی و (هەوڵدانێکە بۆ ئافریدەکردنی زمانی شیعرییەت، کە خۆی لە شێوە و شێوازە کۆنینەکان جوێ بکاتەوە و بە جیهانبینییەکی جیاواز و فۆڕمێکی سەخت و تازەگەر وجوودی خۆی بسەلمێنێت) (سەراج، /1/1995)، بۆیە بەگشتی لەپێکهاتەی هەر زمانێك لەڕووی هەبوونی واتای فەرهەنگی و لادان لەواتای رەسەن و دروستبوونی واتای نوێ، خۆی بەو پێکەوەهاتن و شێوە و تۆپۆگرافیای  ئەو وشە و دەستەواژە و رستانەوە گرێدەدات، کە لە جەستەی هەر دەقێکدا هەن، چونکە وشە بنەڕەتی واتایی زمانە لەدەق بەگشتی و دەقی شیعری بەتایبەتی، کە دەسەڵاتێکی باڵای لە پرۆسەی دەربڕین و نووسیندا هەیە، بۆیە کاتێك باس لە دەقی شیعریی دەکەین، دەبێت باس لە لایەنی پێکهاتەیی و شێوەیی دەق بکەین کە خۆی لە هاتنی ئەو وشە و رستە و دابەشبوونی جوگرافی بەسەر ڕووبەری پەڕەدا دەبینێتەوە.

هەرچەندە ئەوجیاوازییانەی، کە زمانەکان لەچەند لایەنێك (ڕیزبوونی کەرەستەکانی رستە....) لەگەڵ یەکتر هەیانە، ئەوە هەر زمانێکیش لەناوەخۆییدا، زمانێکی جیاوازی هەیە، کە ئەویش (زمانی شیعرییە)، چونکە ئەگەر ئەرکی سەرەکی زماناناس و ڕێزماننووسان دۆزینەوە و جێگیرکردن و چەسپاندنی رێسای زمانەکە بێت، ئەوا ئەرکی شاعیر و بنەمای شیعرییەت بە تێکشکاندن و وەلانانی تەواوی ئەو کۆت و یاسایانەوە بەستراوەتەوە، بەمەش پێکهاتەی زمانی شیعری جیاوازە، جیاوازییەکەشی بۆ خودی ئەرکی شیعر و دەگەڕێتەوە، کە هەبوونی جوانی و چێژ و ستاتیکییە، سەرەڕای ئەوەی، کە هەڵگری پەیامێکیشە، بۆیە داهێنەر- شاعیر (بە پێوەرێکی ڕێزمانی بڕیار نادات - نانووسێت، بەڵکو پێوەری شیعریی دەکاتە بنەما، پێوەری شیعرییش رێگای پێدەدات، کە لادان لە یاسای زمانەکەدا بکات) (حەمەساڵح، 2015، 99)،(کەریم، 2007: 113)، زمانێکی نوێ و شێوە و شێواز و پێکهاتەیەکی تازە بۆخۆی بنیات بنێت، هەر بەو زمانەش داهێنان بکات.

لەم سۆنگەوە (روانین لە گۆشەی دەق) لە ئاستی پێکهاتە و شێوە و تۆپۆگرافیی دەقدا، ئەرکی سەرەکی زانستی شێوازە، بۆیە ئەگەر بە پێگیری بنەمای لادان لە شێوەی باوی نووسین سەیری دەقەکانی شیعریی هاوچەرخی ئەم قۆناغە بکەین، دەبینین کە چەندین شێوەی تازە و سەرنجڕاکێش خۆیان دەبیننەوە. بەمەش (ئەدەب لادانە لە زمان و پێوەری دەستووریی و جۆرە نووسینێکە زمانێکی تایبەت) (حمدامین، 2010: 23)-ی لە چنین  و شێوەیەکی سەرنجڕاکێشیشی لە (بینین)دا هەیە، ئەو تایبەتمەندییەش بەستراوەتەوە بە خودی ئەو لادانانەی کە ئەدیب و شاعیر لە پرۆسەی چنینی دەقەکەدا دەیکات.

**1/4: لادان لە شێوازی باوی نووسین:**

ئەگەرچی هەر زمانێکی ئەم جیهانە کۆمەڵێك یاسای لە لایەنی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس... هەیە، هەر لە دروستبوونی دەنگ؛ کە بچووکترین دانەی زمانە، تا دەگاتە وشە و رستە، کە لە واتا خۆیان دەنوێنن، بەڵام کاتێك ئەو دەنگ و دەربڕینانە لە چوارچێوەی (وێنەی زمانی- پرۆسەی نووسین) دا خۆیان دەبیننەوە، ئەوا سەرەدەری لەگەڵ یاسایەکی تری زمانەکەدا دەکەن، ئەویش؛ (شیوازی نووسینە)، بۆیە دەنگ دەبێتە بچووکتری وێنەی زمانی و وشەش لەوێنەی زمانی واتادار پێکدێت.


شێوازی نووسینی هەر زمانێك لەڕاست بۆ چەپ یان بە پێچەوانەوە، لە هێڵی ئاسۆیی بۆ ستوونی یان بە پێچەوانەوە دەڕوات، سەرەڕای جیاوازی ئەو دابەشبوونە تۆپۆگرافییەی، کە هەر لە نووسینی پیت و وشە و رستەکاندا لە دەقدا بەشێوەیەکی وێنەی گەورەتر خۆیان پیشاندەدەن، هەڵبەت لە زمانی کوردییدا دەستپێکی هەر نووسینێك لە (راست بۆ چەپ) و بەشێوەیەکی (ئاسۆیی بۆ ستوونی) دەڕوا، کەچی لە زمانێکی تری وە (زمانی چینی) لە (چەپ بۆ راست) و لە (ستوونی بۆ ئاسۆیی) دەڕوات، ئەم جیاوازیانەش شتێکی ئاسایی و رێگەپێدراون، چونکە هەر زمانێك لە پێکهاتندا کۆمەڵێك پێڕەو و یاسای تایبەت بە خۆی هەیە، کە بەکاربەران (ئاخێوەران و نووسەران)ی زمانەکە لەسەری رێککەوتوون، کاتێکیش ئەم پێڕەو و یاسا زمانییانە لە زمانەکەدا تێکدەشکێنرێن، هەر زوو لە لەلایەن بەکاربەرانەوە هەستپێدەکرێت، چونکە ئەمانە بەم شێوازی نووسینە راهاتوون و بۆتە دیاردە و شێوازی باوی نووسینی زمانەکە، تەنانەت هەموو تاکێکی نەخوێندەواریش ئاشنایە بە شێوەیە و شێوازەکەی و دەزانێت، ئەگەرچی لە ناوەڕۆك و مەبەست و پەیامەکەش نەگات، ئەوە بەئاسانی شێوازی نووسینی زمانەکان (کوردی لەگەڵ ئینگلیزی و چینی...) لێکجیادەکاتەوە، بۆیە زۆرجار نووسەر و داهێنەرانی ئەم شێوازە  ناباوە-لادەرە، لەلایەن زمانەوان و رۆشەنبیرانی هاوزمانەکەی، رووبەڕووی کۆمەڵێك رەخنە و بۆچوونی جیاواز دەبێتەوە، چونکە نووسەر لە پرۆسەی نووسینی باوی زمانەکە لایداوە.

لەم سۆنگەوە ئەگەر لادان لە پرۆسەی باوی نووسینی زمان لە وتارێکی (نائەدەبی) کارێکی ناقۆڵا و رێگەپێنەدراوبێت، ئەوا لەدەقێکی ئەدەبییدا و بەتایبەت لە شیعردا، نەك هەر کارێکی نادروستە، بەڵکو پڕ لە داهێنان و ستاتیك بەخشیشە، بەواتایەکی تر؛ (لادان لە پرۆسەی نووسینی زمان)ێکی دیاریکراو لە دەقێکی شیعرییدا کارێکی رێگەپێدراوە و ئەوپەڕی جوانیشە، چونکە لە بنەڕەتدا زمانی شیعریی بە لادان لە شێوازی باوی زمان دێتەبوون، بۆیە هیچ کەسێك لە بەکارهێنەرانی زمانەکە، وەکو شاعیر لە یارییکردن بە تەواوی پرۆسەی زمانی و رێزمانی زمانەکە، دەستکراوە نییە، چونکە ئەو-شاعیر- بەو ئازادییە جۆرە دەقێك دادەهێنێت، کە واتا و مەبەستێکی قووڵ و چێژێکی زۆر و ستاتیکایەکی جوان و فرە رەهەندی تێدایە، هەر بۆیە تەواوی پرۆسەی زمانەکەی دەخاتە ژێر هەژموونی خۆی و لێهاتووانە یاریی بە تەواوی (پیت و فرێز و وشە و رستە)کان دەکات، لەیەکتریان هەڵدەوەشێنێت و دووبارە دروستیان دەکاتەوە، پەرتیان دەکات و کۆیان دەکاتەوە.

لێرەدا کاری شاعیر وەك ئەو جوتیارە وایە، کە لەو پەڕی پەڵە و تەڕییدا لە زەوییێکی بەپیت و تەختتدا، دانەوێڵەکەی بەچنگی بەسەر زەوییەکەدا پەرت دەکات و تۆوی دەدات، هەرخۆشی پاش بە ئامانج گەیشتن، دروێنەی دەکات و دووبارە کۆیدەکاتەوە، بەڵام چ جۆرە کۆکردنەوەیەك؟!

+ کۆکردنەوەیەك دوو بەقەد یان یاتر لەوەی پەرتیکردبوو، کۆیدەکـــاتەوە، بەمەش کاتێ شاعیر ئەم شێوازە ناباوانە دەخاتە بەرچاوی بینەر و خوێنـــەر، ئەوا سەرنجی رادەکێشێت و تووشی رامان و بیـــــرکردنەوە دەبێت، چەندین پرســــیار لە مێشـکی گەلاڵە دەبن، هەرخۆشی وەڵامییان دەداتەوە، رادەی هەڵهێنان و دروستی و راستکردنەوە و نزیکی وەڵامەکانیش پەیوەســـــتە بە پاشخانی رۆشەنبیریی و زانستیی و زانستیی ئەدەبییەوە، بەم کارەش خوێنەر چێژێکی زۆر

لەم گەڕان و راستکردنەوەیە وەردەگرێت، سەرەڕای ئەو چێژەی لە (بینیـین)داوەریدەگرێت، بۆیە پرۆسەی کۆکردنەوەی (دانەوێڵە و وشـــــە/رســـتە) لەوە یەکدەگرنەوە، کە هەر دەنکە دانەوێڵەیەك چەندانی تری لێوەبەرهەمدێت، هەر وشە و رستەیەکیش لە (پرۆسەی لادان)دا، چەندین واتای جۆراوجۆر لەلای خوێنەران دروستدەکات. بەپێی ئەو دەقانەی لەبەر دەستدان لە شیعری کۆنی کوردییدا،ئەو دابەشبوون و لادانە لە بواری پرۆســـەی نووسیندا، تەنیا خـۆی لە چەند لایەنێکی بچووك دەبینێتەوە،


(نالی)...


شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم
شەو هات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم
مەشغووڵی نەفەس گرتنی موشکین نەفەسێکم
لەم حوجرە، لەبەر پەنجەرە کەوتووم و دەخوێنم
......................................................
......................................................
......................................................
......................................................
٢٨٣

تەنانەت لە تەواوی تۆپۆگرافییای دەقەکاندا رەشێتی زاڵە، جگە لەوەی بە چاوپۆشیکرن (لە لایەنی رەوانبـێژی) دەقەکان تا رادەیەکی ئاسایی بە رەچاوکردنی (شێوەی پرۆسـەی نووسینی) زمانەکەنووسراون، لە راســت بۆ چەپ و بەشێوەی ئاسۆیی بۆ ستوونی و بە رەچاوکردنی دێری تەواو لە ستـوونێك وەکو شیعرەکانی (نالی) (نالی، 1976: 283)،یان لە دووستـوونی بەرانبەر یەك نووسراون، وەکـو شیعرەکانی (جـزیري)(جزيري،399:1361)، بەمەش رەشـــــێتی باڵی کێشـاوە بەســـەر رووبەری پـەڕەدا، بەڵام بەهۆی گۆڕانـاری قۆناغەکە و گۆڕانکاری لە بارودۆخـی (سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، رۆشەنبیري..)، دەقی نیگـارکاری بە زمانیهێل و ڕەنگـــەکانەوە بۆمـان دەدوێ، ئەم جۆرە هـونەرە تاقە مێـژووپراستگۆی مرۆڤە، لەگەڵ ئەوەی سیمایی-نەتەوەکەی-پێوەدەبێت، بەڵام زمانێکە هەموو مرۆڤایەتی تێدەگات)(سلیمان، 1987: 8)، بەمـەش (شـۆرشی شـیعری نوێ و ســــەرهەڵدانی رێبـازە هونەرییە تازەکان، نزیکـبوونەوە و پێکداچـوونی پتری لە نێـوان هـــــونەری شـــیعر هونەری شـێوەکاری هێنایە گۆڕێ، شاعیرەکانیش گرنگییەکی زۆریـان دا- بە چو(بصـــری)، بەکارهێـنان و کـەڵك وەرگـرتن لە توانستی خۆشنووسی و وێنەکێشـان)(بەرزنجی، 1994: 31) بە پێی حەزو لێهاتووی شـاعیرەکە گۆڕاوە. ئەم دیاردەیە گۆڕانکـاری بەسەرداهات.

بەواتایەکی؛ ئەگەرچی خوێنەری ئەمڕۆکە کـــات و پێداویستی زۆری بەدەستەوەیە بۆ خوێندنەوە، بەڵام لە خوێندنەوە تۆراوە، یان باشتر بڵێین: تاقەتی خوێندنەوەی نەماوە، تەنانەت بە بینینی هەر وتارێکی درێژ و دەقێکی شیعری درێژیش بێ بیرکردنەوە وەلای دەنێت و پشتگوێی دەخات، بەپێچەواشەنەوە، خوێنەری ئەمڕۆکە حەز بەم نووسینانەدا دەکات، کە بە کەمترین کات و وزە، چێژ و مەبەستەکەی وەربگرێت، بۆیە ئەو دەقانە پەسەند دەکات، کە چڕ و کورت و پوختن و شێوەیەکی سەرنجڕاکێشی نەخش و نیگار دەدەن، بەمەش شاعیرانی هاوچەرخ توانییان سەرەڕای ئەو چێژە رۆحی و دەروونییەی، کە لەبیستن و خوێندنەوەی دەقدا چنییان، چێژی (بینین)یش بخەنە پاڵی، بۆیە (شیعری هاوچەرخی کوردی زیاتر لە نیگار و وێنە نزیك ـ بوویەوە) (پیرباڵ، 1996: 4)، ئەم نزیك بوونەوەیەش ئاساییە، چونکە ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی لقێکە لە لقەکانی هونەرە جوانەکان، لەم سۆنگەوە بە پشت بەستن بە دەقە شیعرییەکانی ئەم قۆناغە چەند شێوەیەکی دابەشبوونی ئەو رستە و دێرە شیعرانە دەخەینەڕوو، کە جۆرێك لە تۆپۆگرافیای و شێوە جیاوازی بە پرۆسەی نووسینی دەقەکە بەخشیووە، لەوانە:

**1/4/ 1: شیعری بەتاڵ (بۆشایی شیعریی/ شیعری لاڵ):**

مەبەست لە شیعری بەتاڵ ئەوە نییە، کە شاعیر دەقەکەی بەتاڵ و بۆش بێت لەواتا، بەڵکو لێرەدا قسەکردنە لەسەر پرۆسەی لادان لە لایەنی نووسین و شێوازی نووسین، شیعری بەتاڵ یان بۆشایی شیعریی؛ تەکنیکێکی نوێی شیعریی پۆست مۆدێرنی جیهانییە، شاعیرانی هاوچەرخی کوردیش بە کاریگەری ئەدەبی بێگانە و رێبازەکانی (دادایی و سریالی)، هێناویانە ناو شیعری هاوچەرخی کوردیی، ئەم بۆشایی و بەتاڵییەش لەلایەك لادانە لە پرۆسەی نووسینی زمان و لەلایەکی تر دەرخەری ئەو راستیی و بارە دەروونییەن، کە شاعیران لە قۆناغەکەدا هەیانبووە، چونکە زمانی شیعری وەکو زمانی ئاسایی شێوە و حاڵەتێکی چەسپاو و نەگۆڕی نییە، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕاندایە بەپێی (گۆڕانی باری دەروونی شاعیر و دەربڕینە شیعرییەکانیش دەگۆڕێن) (سابیر، 2006: 284)، چونکە شاعیرانی قۆناغەکە لەوپەڕی بێ تاقەتی و وەڕزبوون؛ لەو ژیان و ژیارەی کە پڕ لە ئاشووب و جەنگ بوو، تا حەزی قسەکردنیشیان نەمابوو، هەموو تاکی کورد بێزاربوون لەو ماڵوێرانی و سەرگەردانی و جەنگانەی، کە بەرۆکی وڵاتییان گرتبوو، ئەگەرچی ماوەیەك دوای راپەڕین، سەقامگیریی و ئارامی و شادی، باڵی بەسەر ئەم پارچەیەی کوردستان- باشوور، کێشا و لە بەدەستهێنانی هەندێك ماف و دامەزراندنی پەرلەمان......، کەچی زۆری نەبرد براکان دووبارە دەستیان دایە بینەقاقای یەکتر و کەوتنە گیانی یەکتر.



(مەلای جەزیری)

شۆخ و شەنگێ زوهرە ڕەنگێ دل ژمن بر دل ژمن بر

ئاورین هەیبەت پلەنگێ دل ژمن بر دل ژمن بر

وێ شەپالێ میسک خالێ دیم دوری گەردەن شەمالێ

جەبهەتا بسکان سەمالێ دل ژ من بـــر دل ژ مـــن بر

.......................... ..........................

.......................... ..........................

.......................... ..........................

.......................... ..........................

٣٩٩

لەلایەکی تر ئەم (بەتاڵ)یە لە شیعردا بۆتە هۆی ئەوەی، کە دەرگای بیرکردنەوە لە خوێنەر واڵاتر بکات، تاکو بەپێی ئەو جیهانبینیی و لێکدانەوەی خۆی ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە، بایەخدان بە خوێنەر لەم قۆناغە شیعرییەدا لە ئاستێکی بەرزدایە، شاعیر دەیەوێت رادەی رۆشەنبیری و جیهانبینی خوێنەر فراوان بکات، بۆیە زۆربەی دەرگاکانی دەقی بۆ دەخاتەسەر پشـت، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە شیعرییەش ئەرکی خوێنەرە، ئەمەش بە پێی توانا و ئاست و پاشخانی رۆشنبیری خوێنەرەکان دەگۆڕێت، دەشێت بە رستەیەك یان چەند رستەیەك، تەنانەت بە وشەیەکیش لە هزرییدا پڕی بکاتەوە، بۆیە بە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە شیعرییە خوێنەر چێژێکی زۆر وەردەگرێت و دەقیش لەبەردەم (لادانی راڤەیی)[1]دا جێدەکاتەوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە پیشاندانی ئەو تۆپۆگرافییایەیە، کە بەهۆی ئەم بۆشایی و بەتاڵییە لەشیعردا دروستبووە، کە جۆرێك لە شێوازی نووسینی ئاسایی لایداوە، وەك لەم نموونە شیعریانە بەرچاو دەکەوێت:

[1] مەبەست لە (لادانی راڤەیی) ئەو دەقانەن؛ کە چەندین لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن، بە واتایەکی تر مەبەست لە هەر دەقێکە، کە لە شیکردنەوە و لێکدانەوەیەك زیاتر هەڵبگرێت، دەشێت بەرانبەر زاراوەی (هێرمۆنتیکا- Hermenteutics) دابنرێت.

(نەژاد عەزیز سورمێ) لە بە شێکی شیعری (باوێشکەکانی مێژوو)دا، دەڵێت:

تەماشا !

هەور چۆن لەکڵاوڕۆژانەدا ون بووە

گوڵەگەنمێ بێ دادڕەس

وەك خونچەی مەیدانی شەڕگەکان

یەك یەك

دوو دوو

دە دە

ڕادەقەنێن،

بەلادادێن و دەسووتێن...

تەماشا!

............................

............................

............................

............................ (سورمێ، 2005: ٢62)

شاعیر هەندێ دیمەن دەخاتەڕوو، وەك (ونبونی هەور و بێ دادەڕەسی گوڵەکەنمێ و ڕاقەنانی خونچە مەیدانی شەڕگەکان)دا، کە دیمەنی نامۆ و گوزارشتی خراپی و رەوتی ژیانن، بۆیە شاعیر دوای ئەم دیمەنانە لە کۆپلەی دووەمی شیعرەکە، بۆشاییەکی شیعری بۆ زەینی خوێنەر جێهێشتووە، تا خوێنەران بە پێی ئەزموونی ژیانیان لە بینینی دیمەنی تر نامۆ، لە هزرییدا بۆشاییەکە پڕبکەنەوە، چونکە هەر خوێنەرێکش ئەزموونی ژیانی جیاوازە لەوانی تر، بۆیە لە دانانی دیمەنەکانیشدا جیاواز دەبن، ئەمەش وادەکات دەقی جیاواز لە دامێنی دەقەکەوە لەدایك بێت.

بەهەمان شێوە (نەوزاد ڕەفعەت)یش لە بەشی کۆتایی شیعری (گاو گەردوون)دا، تەکنیکی بۆشایی و بۆ زەینی خوێنەر جێهێشتووە:

بەخشندەیی قەڵغان و دڵڕەقیی شمشێر

بنەخشێنن لە تاتە بەرد

پێکەوەش ڕێی دەرگای پەرستگەیەك بگرین

نەمری ڕۆژ ببەخشینە مەرگی پیرۆز

هەردوو لقی باڵای نزای گەڕانەوە ...

دیدەی تەڕی پاڕانەوە بەرز هەڵبڕین:

... ... ... ... ... ... ... ... ... ...

... ... ... ... ... ... ... ... ... ...

... ... ... ... ... ... ... ... ... ...

... ... ... ... ... ... ... ... ... ...

... ... ... ... ... ... ... ... ... ...

... ... ... ... ... ... ... ... ... . (ڕەفعەت، 2004: ١٦٦)

شاعیر بە سوودوەرگرتن لە (داستانی گلگامیش) و دیمەنەکانی دەچنێت، کە بریتیین لە:(گەڕان بە دوای گیایی نەمریی و کۆچڕەوی و بێزاری و گەمارۆدان و بەخشندەیی قەڵغان لە پاراستن و دڵرەقی شمشێر لە شەڕدا..)، بۆ مانەوە و سەربەرزی لە ژیان.

بۆیە پیشاندانی ئەم دیمەنانە لە لایەك پرسیارە بۆ هزری خوێنەر، کە ئایا ئەمانە مرۆڤ بە نەمری دەهێڵنەوە؟؟ یان شتێکی تر هەیە وادەکات مرۆڤ بەنەمری بمێنێتەوە، ئەمەش لە شێوەی بۆشایی شیعرییدا دەخاتە بەردەم خوێنەر، لەسەر خوێنەر پێویستە ئەم بۆشاییە بە چەند رستەیەکی شیعری پڕبکاتەوە، کە لە ڕووی بابەتییەوە لەگەڵ بنیاتی بابەتیی و واتایی دەقەکە بگونجێت.

(لەتیف هەڵمەت)یش لە ئاست گەورەیی و قێزەنی کارەستی شەهیدکردنی شاعیری لاو(بەکر عەلی)دا، تاساوە و زمانی شیعری لەگۆ کەوتووە، وەك دەڵێت:

فەرموون ئێستاش لە ڕێگەی کۆمپیتەرەوە سەیری (شیعرێکی سپی) بکەن

سپی سپی وەك خوێنەکەی بەکر عەلی ..

. (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٧٤٠)

شاعیر لاپەڕەیەکی تەواوی لە دیوانەکەدا بە بۆشی و سپی جێهێشتووە، چونکە وەکو لاڵە و دۆشداماوە، هیچ وشەیەك شك نابات، کە گوزارشت لە گەورەیی کەسێتی شاعیری جوانەمەرگ و دڕندەیی کارەساتی کوشتنەکەیی و ئەو کارە نامرۆڤانەیە بکات، بۆیە پەڕاوی دەقەکەی بە سپیتی بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت، بۆیە ڕووی واتاییەوە دەشێت چەندین واتای هەبێت، لەوانە: گوزارشتە بۆ بێگەردی و پاکی شاعیر، یان گوزارشتە بۆ و دوابەرگی شاعیر (کفن) لەم ژینەدا.

(فەرهاد پیربال)یش هەمان تەکنیکی لە (شعرێکی زۆر درێژ بۆ دایکم)دا، بەکارهێناوە، دەڵێت:

شێعرێکی زۆر درێژ بۆ دایکم)

غەریبیت دەکەم... (پیربال، ٢٠١٣، ١٨٦)

هەڵبەت ئەو بۆشاییەی جێهێلدراوە بەمەبەستە، چونکە شاعیر هیچ شتێك شك نابات تا لە ئاست گەورەیی و میهرەبانی (دایك)دا بێت، هەرچی وشەی بەرز و جوانی فەرهەنگەکان هەن، هەموویان لە ئاست وشەی (دایك) کڕنووش دەبەن، لەلایەکی ئەشێت ئەم واژەی (غەریبیت دەکەم)، چەندین واتای تری لێدروستبکرێت، کە (غەریبی گەرمی باوەشت، بۆنی خۆش، خۆشی ڕۆژانی رابردوو...)، سەرەڕای ئەوەی وەك چۆن هیچ مرۆڤێك بێ دایك نەبووە، بە هەبوون و نەبوونی ئێستای لەژیاندا،بۆیە ئەشێت هەریەکێك لە ئێمە لەم بۆشاییە شیعرییەدا هەست و نەستی خۆمان بەرانبەر دایك دەربڕین.

2 /1/4: شیعری وێنەیی:

ئەگەر جاران شاعیران بەهۆی وشە و دەستەواژە واتاییەکانی ناو دەقی شیعری (وێنەی شیعری)یان دروست دەکرد، ئەوە شاعیری هاوچەرخ هەر بەهۆی ئەو وشە و دەستەواژە واتاییانەی ناو شیعر، سەرەڕای دروستکردنی (وێنەی شیعری)، توانییان (شیعری وێنەیی)ش دروست بکەن، چونکە شاعیری هاوچەرخ تەنیا (بە عەقڵ و عاتیفە -بیر و هەست-، تەماشای دنیا ناکات، بەڵکو بینیین و چاویش ئەمڕۆ دەور دەبینن لە گەیاندنی چەمك و ئیستاتیکایەکاندا، ـ بۆیە ـ ئەگەر جاران چاو ئامرازێك بووە بۆ کارکردنە سەر دڵی

شاعیر خۆی، بەڵام ئەمڕۆ چاو ئامرازێکە بۆ گواستنەوە و کارتێکردنە لەلایەن شاعیر خۆیەوە بۆ خوێنەر) (پیرباڵ، 2004: 82) یان (سەعید، 2014: 84).

بەواتایەکی تر بەشێکی زۆری شاعیرانی هاوچەرخی دوای ڕاپەڕین(1991-2003)، (شیعر بە شێوەیەکی وێنەگەری دەنووسن و شقڵی سەیروسەمەرەی پێدەردەهێنن) (عەبدوڵڵا، 1999: 203)، ئەم کاریگەرییەش لە ئەدەبی ئەوروپا هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردیی.

مەبەست لە (شیعری وێنەی)یش ئەودەقە شیعرییانەن جگە لەوەی لە ئاستی واتاییدا بوونێکی تەواویان هەیە، ئەوە لە بینینیشدا بەهۆی (جێهێشتنی بۆشایی، هەڵوەشاندنەوە، بەیەکەوەنووسان، درێژکردنەوە-لیککێشانەوە، لارکردنەوە، بەیەکەوەگرێدانی...) وشە و رستە و دێرە شیعرییەکان، وێنە دەکێشێت و دەخرێتە پێشچاوی بینەر، یان ئەو شیعرانەن؛ کە (بە تێکەڵکردنی وشە و وێنە و هێڵ و شێوەی جوگرافی و دابەشبوون بەسەر کاغەزدا) (بەرزنجی، 1999: 182-192)، بۆیە خوێنەر بەرلەوەی ئاوێتەی (خوێندنەوە و تێگەیشتن) و واتا قووڵەکەی ببێت، ئەوە سەرەتا لە (بینین)دا ئاوێزانی دەبێـت، چونکە وەك (ڕینیە وێلّك) دەڵێت: (شیعر چۆن بۆ گوێ دەنووسرێت، ئاواش بۆ چاو دەنووسرێت)(گەردی، 2004: 113)، بۆیە ئەو دەقە وێنەییانە تەنیا لەئاستی سەرەوەدا واتادار نین، بەڵکو لە رۆنانی ژێرەوە- ناوەوەشدا پڕن لە واتای جۆراوجۆر و مەبەستی پەنهانی و شاراوە، بۆیە ئەم شێوازەش دەبێتە تۆپۆگرافیا و چواچێوەی شیعرەکە و شیعرەکە شێوەی وێنە و تابلۆیەك پیشاندەدات، زۆرجاریش مەبەست و بنیاتی بابەتی شیعرەکە یەکانگیر و هاوسانە بە وێنەکە- تۆپۆگرافیاکە، کە ئەمەش شیعرییەتی دەقەکە بەرزتر دەکات و توانایی شاعیر دەردەخات.

لەم سۆنگەیەوە (سەروین دەروێش) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە شیعرەکانی پڕن بە وێنەی شیعری ژنانە، بۆیە شیعرە وێنەییەکانیشی هەر ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەن، وەك لە شیعری (خەون)دا، بە رێکخستنی رستەی کورت و درێژ و جێهێشتنی بۆشایی لە سەرەتا و کۆتایی رستەکان و دابرانی رستەی تەواو لەیەکتر، سەرەڕای تێکنەچوونی واتای گشتی و بابەتی دەقەکە، توانیوویەتی بەم تەکنیکانە شێوەی (مەرکان/ گوڵدان/ گوڵدانی گڵ) بکێشێت، وەك دەڵێت:

تەنیا بۆم هەیە خەون ببینم
لێ لە خۆشترین ساتەکانیدا
دەبێ خەبەرم بێتەوە
ئای خودایە!
چ قورسایەك لە ئەستۆی ئەم بوونەدا هەیە
بۆ نێو دڵی ژنان غلۆر دەبێتەوە؟!
خودایە ئەم هەموو پیرۆزیانە چۆن بەپێی پەتی
ماچبکەم؟
چۆن لەنێو ئەو هەموو جەنگەدا لەنێو بەتاڵی بووندا
بگوزەرێنم،
خودایە لەنێو ئەو هەموو بۆشاییە کوشندەییە؟!
چۆن خەیاڵ پەرژین بکەم
من تەنها بۆم هەیە خەون ببینم
لێ لە خۆشترین ساتەکانیدا
دەبێ خەبەرم بێتەوە!    (دەروێش، 2019: 30)

هەروەها لە شیعری (من مردنم تێپەڕاند)، بە وشە شێوەی (پیاڵە)یەك دەکێشێت:

لەگەڵ کەسێك چا دەخۆمەوە کە نایناسم
وەك ئەوەی تامی گەنم نەناسمەوە
ئاو تینوویەتیم نەشکێنێ
وەك ئەوەی زەوی ئاسمانی نەبێ
بۆنی عەترێکم لێ دێت.   لەوە دەچێ

به هۆی كەسێكەوە بە ڕۆحمدا پژابێ

لە فڕینێك كـــــەوتمە خوارەوە

بیر لە گەڕانەوەی دەكەمـــــەوە

كـــێ، چوزانێ، بۆ كـــــــوێ؟

فوارە ئاوەكانی سەر شۆستە ماچدەكەم و

وێنەیان لە گەڵدا دەگرم

لەبیرم نییە ئەم شارە لە كەیەوە لێرەیە!

بەیانیان لە مشتێك زۆرتر گەنم لەسەر دیواری حەوشەدادەنێم

چۆلەكـــەكان گـــەمژەنین، كە نەزانن پەیـــــوەندیم لەگـــەڵیاندا كـــۆنە. (دەروێش، ٢٠١٩: 10)

شاعیر هەر لە رستەی یەكەمیشدا باس لە (چا خواردنەوە) دەكات، هەڵبەت جوانی ئەم دەقە شیعرییانە لە دوو لاوە هەستپێدەكرێت، لە لایەك ئەو ستاتیكیی و جیهانبینییەیە لە ڕووی واتا و بنیاتی بابەتی دەقەكاندا هەن گوزارشت لە بابەتێكی مرۆیی دەكەن، خوێنەر لە خوێنەوەدا چێژ وەردەگرێـت.

لەلایەكی بینینی ئەو تابلۆیانە؛ سەرنجمان رادەكێشێت و لە رێگەی بینین خۆشییەك بە دەروونمان دەبەخشێت، ئەمەش كەمەندكێشكردن و گرنگی دانی شاعیرە بە خوێنەر، كە تەوەرێكی سەرەكیی و تەواوكارییە لە دەقدا.

(ئاراس عەبدوڵلا فەقێ)ش لە شیعری (دار گوڵ)دا، بە وشە (وێنەی گوڵدان)ێك دەكێشێت، كە رەنگدانەوەی بنیاتی بابەت و ناونیشانی شیعرەكەشە.

هەموو سەروویەك

خـــواری و هەیــە و

خواریش سەرووی هەیە

داریش بێ ڕەگ و گەڵاو

سێـــبەرنابـــێ

هەوڵو سەركەوتنیش

وەك سەركەوتن

بەسەر هەورازو

هاتنە خوارەوە لە نشێوا

یا ڕۆژهەڵاتن و ئاوا بوون و شەودا بێ

جارو باریش وەك سوارو پیاد وایە

یا وەك داری گەڵای وەریوە

یا وەك كچێكی جوان و پرچی بە شانە دادابێ

لە باخچەیەكا گوڵی ڕەنگا و ڕەنگ و

بۆن خۆشی جوانی تیابێ وەستابێ

دڵی زۆری لابێ و گوێی پێیان نەدابێ

جار بەجارە نزیكو

جاربەجاریش

لەوان دوور و جیابێ

* * * (محەمەد،2008: 55)

هەروەها (سەراب)یش لە شیعری (عەشق)دا بەهۆی پەرتكردنی وشەكان لە ئاستی ستوونی و ئاسۆییدا، شێوە پلیكانەی كێشاوە، وەك دەبینین:

لە هەناسەی برینەكانمدا نووستووە

بە ئەبەدی...

لە خوێنماندا
بریندارە
عەشق:
وڵات و
سنوور و
مێتۆدی
خۆی هەیە
جیـــــــاوازە!! (سەراب، 2003: 121)

(نەوزاد رەفعەت)یش لە بەشێکی شیعری (زریزە دەبەستن قورینگ)، لە پرۆسەی نووسینی شێوەی باوی زمانی کوردیی لایداوە، دەستپێکی وشەکانی (قەتار قەتار) لە چەپ بۆ راست پەرتکردووە-ریزکردووە، بەمەش تەکنیکێکی هونەرییانەی بەرزی بەکارهێناوە:

کوشتن فڕێ نەدرا لە شان ...
زریزە نەبەستن قورینگ
یادگەی پڕ خوێن ... پڕ هەتیوی بسڕنەوە و
قەتار
قەتار قەتار قەتار
قەتار قەتار
قەتار قەتار
قەتار قەتار
قەتار قەتار
قەتار قەتار
قەتار قەتار
قەتار قەتار
قەتار قەتار
دەشتاو دەشت ...کۆسار بەکۆسار ... بەشەلەشەل ... بەپەلەپەل
نەپەڕنەوە...
(رەفعەت، 2004: 29)

لەم سۆنگەوە دەکرێت بە دوو شێوە لێکدانەوە بۆ شێوە و تۆپۆگرافیایی دەقە وێنەییەکە بکرێت: ئەویش تەکنیکی (شێوە دەستەیی و پێکەوەیی)یە بە هۆی دووبارەکردنەوەی وشەی (قەتار قەتار)ە، کە شاعیر خودی واتای وشەی (قەتار قەتار)ی بابەتەکەی کردۆتە خودی وێنە و تۆپۆگرافیا بۆ هەمان مەبەست، هونەرییانە لە شێوە-وێیەدا بەدوای یەکتریدا ریزیکردوون، چونکە وەك دەزانیین (قەتار قەتار)، واتە (دەستە دەستە)، ئەمەش بەوتای ئەوەدێت: کاتێك کاروانچییەکان هەمیشە لە دەشت و کۆساران دەستەدەستە-قەتار قەتار پێکەوە دەڕۆن و رێدەکەن، نە تاك تاك و نە بە شێوەی کۆمەڵ، پیشاندانی ئەم وێنەیەش وەك ئەوەیە کە لە شاعیر لە ئاسمانەوە-(لەسەر بۆ خوار)، وێنەی ئەو کاروانچییانەی گرتبێت.

وێنەی دووەمیش هەر لە بەیەکەوە هاتنی ئەم وشانە و پەرتکرنییاندایە و خۆی لە شێوەی (پلیکانە)دا دەبینێتەوە، کە لەسەر زەوی بۆ سەرەوە-(لە خوار بۆ سەر) دەڕوات، لەکۆتا رستە شیعریی دەقەکەشدا، وشەی (دەشت و کۆسار) بە شێوەیەکی ئاسۆیی و یەکپارچەیی هاتووە، دەشێت بچوێنرێت بە ڕوو و ڕووبەری تەختی زەوی، ئەم وێنەش وا خۆی پیشاندەدات، کە لە ئاستی وەستاویی و ستوونییدا گیراوە.

هەروەها لە شیعری (نەگونجان)دا، بە خودی وشەی (هەڕەم) و دووبارەکردنەوەی بۆ زیاتر لە (٦٥) جار لە ئاستی ستوونی و ئاسۆیی و سوود وەرگرتن لە تەکنیکی بۆشایی، وێنەی هەڕەمیکی دروستکردووە:

چیتر پووشم بۆ ناخورێت
تەنەکە زبڵی دیرۆکی دزێویم
بۆ فڕێ نادرێت

م
هەڕەم
هەڕەم هەڕەم
هەڕەم هەڕەم هەڕەم
هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم
هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم
هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم
هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم
هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم
هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم
هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم
هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم هەڕەم
هەڕەممان پێ بنیات نانرێت .     ڕەفعەت، 2004: 238)

(فەرهاد پیربال)یش لە شیعری (i)یدا، بە خودی ئەو وشانەی کە مەبەست و بنیاتی بابەتەکەی پێ چنیووە، وێنەی هەمان گوزارشت و شێوەی کێشاوە، بەمەش ئاوێزانبوونێکی راستەخۆ و پڕ مەبەست لە نێوان وشە و دەربڕینەکان و وێنە و شێوەی دەقەکە هەن، کە خوێنەر لە (بینین- وێنە و شێوەی دەقەکە) و (خوێندنەوە- مەبەست و بنیاتی بابەتی دەقەکە)دا چێژ وەردەگرێت، ئەمە لە کاتێکدا خوێنەر شیعری کۆن تەنیا لە خوێندنەوە و مەبەستە چێژی وەردەگرت.

ا
لە
پاریس
جارجار
دەچم
لەسەر بڵندترین
دوندی
بورجەکەی
ئیڤێڵ
ڕادەوەستم!
هەموو شوێنێکم لێوە دیارە:
تەنیا هەولێر نەبێ!

(پیربال، ٢٠١٣: ١٨٥)

وەك دەبینین؛ شێوەکە- وێنەکە (بورجی ئیڤڵ، کە لەپاریسە)، وشەکانیش راستەخۆ پەیوەستن بە بەرزی و ناسراوی بورجی ئیڤل، کە شاعیر ماوەیەك لەوێ ژیاوە، بۆیە لەمر دەقەدا ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئەو لەوێش هەر بیری نیشتیمانەکەی کردووە، بە واتایەکی تر ئەو-شاعیر ئێستاکە هەموو شتێکی هەیە یان بە ئاسانی ئەتوانێ بەدەستی بهێنێت و لە لووتکەی چێژ و خۆشییە، (چونکە پاریس شاری خەونەکانی شاعیربووە)، بەڵام هیچ شتێك ناتوانێت ئەو هەستەی بوون و ژیانی لە شارەکەی-هەولێر بیرباتەوە، بۆیە دووری لە زێد-هەولێر شتێکە بە هیچ خۆشییەك پێوانە ناکرێت، بۆیە شاعیر هەمیشە بیری لای شارەکەیەتی، کە نایبینێت دڵگران و خەمبارە، لەلایەکی تر دەشێت بۆ ئەو دواکەتوویە (فکری و رۆشەنبیری ئەدەبیی و ئابووری...) ئەوکاتەی هەولێر بگرێتەوە، بە بەراورد بە تەواوی پایتەختەکانی تری جیهان، کە لە لووتکەی پێشکەوتن و گەشەی ئەدەبی و رۆشەنبیری و ئابووری و پیشەسازییدا بوونە، کەچی مخابن بەهۆی شەڕی براکوژیی هەولێر بەرەو داوەوە گەڕایەوە.

هەروەها لە شیعری (ژ)دا، هەر بە خودی وشەکان و بە پەرتکردنییان بۆ ئاستی ئاسۆیی و ستوونی و جێهێشتنی بۆشیایی وێنەی مەبەستەکەی دەکێشێت، کە باس لە پرۆسەی سەرکەوتنی شاعیر بەسەر (قاڵدرمە/پلیکانە) و ماڵەکەیی و چوونی بۆ ژوورەکەی (لە نهۆمی دووەمر- سەرەوەی خانووەکە) دەکات، بۆ ئەمەش پیتی (ژ) کە ناونیشانی دەقەکەشە، کردوویەتییە هێما بۆ وشەی (ژوور)ەکەی و لە لوتکەی شیعرەکە دایناوە.

ژ

بیری

قاڵدرمەی

ناوحەوشەکەمان

دەکـــــەمر

کە دەیگەیاندمەوە

ژوورە

بەرزەکەمر.      (پیرباڵ،2013: 81)

هەڵبەتە بەیەکەوەهاتن و ئاوێزانبوونی (وشە و ناوەڕۆك و واتا) بە (وێنە- شێوە- تۆپۆگرافیا) لە دەقدا، کاریگەری زۆر لەسەر شیعرییەتی دەق و (جوانی لە بینین) و (چێژ لە تێگەیشتن)دا دروستدەکەن، لەلایەکی تر ئەمر (وێنە-شێوە) پێدانەش، هونەرێکی ترە لەناو خودی پرۆسەی شیعر نووسین، ئەنجامدەرێت و هەموو شاعیرێك ئەمر توانایەی نییە.

1/1/4 3: شیعر و شێوەکاری (شیعری شێوەکاری):

لە سۆنگەی ئەوەی ئەدەب بەشێکە لە هونەرە جوانەکان؛ بۆیە  ئاساییە بۆ بەرهەمهێنانی کارێکی ئەدەبی بەتایبەت شیعر لەگەڵ هونەرەکانی تر ئاوێتە بکرێت، هەروەکو: (ئاواز و نۆتە) لەگەڵ خوێندنەوەی (شیعر)دا دێن، دەشێت شیعریش لەگەڵ هونەرێکیتریش، کە (شێوەکاری و وێنەکێشانە) ئاوێزان بێت، ئەمەش شیعرییەتی دەقەکە بەهێزتر دەکات، چونکە لە بەیەکداچوون و چوونەناویەکی (هونەری شیعریی) و (هونەری شێوەکاری) جۆرێکی تر لە چێژ و بینین دێتەگۆڕێ، کە خوێنەر رووبەڕووی رامانی قووڵ و چێژوەرگرتنی زۆر دەکەنەوە، بەمەش سەرچاوەی چێژوەرگرتن تەنیا لەرێگەی (بیستن)ەوە نابێت، بەڵکو (بینین)یش بەشداری لە پرۆسەی چێژوەرگرتنی دەقەکەدا دەکات، وەکو(فەرهاد پیرباڵ) دەڵێت: (تۆ یەکەمجار چاوت شت دەبینێت، ئینجا بیری لێ دەکەیەوە و دەینووسی کەواتە هەوڵدان بۆ گۆڕینی سیستەمی چێژ وەرگرتن پێویستە لەچاوەوە دەست پێبکەین) (پیرباڵ، 1994/11/25)، هەر بۆیە زرنگی و هۆشمەندی شاعیران بەمر لایەنە، دەقی شیعریی ئەمر قۆناغەی زیاتر لە نەخش ونیگار نزیك خستەوە، فەرهەنگی بەکارهێنانی وشەش بەبەراورد بە پێشوو کەمتر بوویەوە ستاتیکای جوانی (هونەری شێوەکاری بوو بە پێکهاتەیەکی گرنگی دەربڕینی شیعریی) (سەعید، 2014: 86)، بۆیە شاعیر وشە دەخاتە خزمەتی شێوە و هێڵ و هێڵکاری هەر لەوێش گوزارشتە دەروونی و جیهانبینییەکەی خۆی دەردەبڕێت کە دواجار بەهەردوو هونەرەکە(شیعری- شێوەکاری) خزمەت بە پرۆسەی ستاتیکای دەق دەکەن.

بە واتایەکی تر؛ شیعریی شێوەکاری جۆرێکی ترە لە شیعریی وێنەیی، ئاوێنەیەکی روونی دڵ و دەروون و هەست و هزری شاعیرن، بەرانبەر بە دیاردەکانی ژیان و مردن و رووداو و پێشهاتەکان، بۆیە ئاساییە نەتوانرێت شێوەیەکی جێگیر و چەسپاو لە شیعری شێوەکارییدا بچەسپێت و دیاریبکرێت، چونکە (ئەمر جۆرە شیعرە بریتییە لە دیمەنێکی دیتەنی و بینراو، هێز و جوانییەکی نوێ دەبەخشێتە بنیاتی شیعر و چاوی خوێنەر زاخ دەدات، سەرنجی ڕادەکێشێت بۆ ئەو ئاسۆ و پانتایە فراوانە شێوەکارییەی کە لە

ڕوانینێکی شاعیرەکە هەیە) (جەلال، 1998: 203) و بە سوود وەرگرتن لە چوارچێوەیەکی دیاری لە هێڵ و هێڵکاری و شێوەکاریی دەقەکە دادەڕێژێت و شێوەی بۆ دەکێشێت، بەمەش ئاوێتە و ڕێککەوتنێك لە نێوان (دەقە شیعرییە بە وشە) نووسراوەکان و (هێڵ و هێڵکاری شێوەکاری)یە کێشراوەکە، وەك یەکەیەکی ئەندازەیی دەبێت، بەجۆرێکی وا دەچنەناو یەکتری، کە جوداکردنەوەیان لەیەکتری ئەستەمە، هەریەکێکیان واتای دەلالی دەقەکە و جوانی لەبینینی وەرگردا دروستدەکەن، بەجوداکردنەوەشیان لە یەکتردا بینەر و خوێنەر چێژ لە هیچیان وەرناگرێت و دەقەکە چێژ لەدەست دەدات.

هەڵبەت وەکو گوترا هێڵ و هێڵکارییەکان بەپێی جیهانبینیی شاعیر دەکێشرێن و دادەنرێن، بۆیە شێوەیەکی وشە و پێکهاتە زمانییەکانیش هەر ڕەنگدانەوەی باری دەروونی و ویژدانی شاعیر لەخۆ دەگرن، بۆیە دەبێت شاعیر بە وریایی مامەڵە لەگەڵ نووسینی ئەم جۆر ە دەق و شێوانە بکات، لەهەر دەقێکدا بایەخ بە ڕادەی شیعرییەت بدات، ڕادەی شیعرییەتیش پەیوەست نییە بە ڕێژەی زۆری و کەمی (وێنە و کەرەسەکانی، یان زمان و کەرەسەکانی، چونکە شیعرییەت لەشێوەی دابەشکرنی وشە و هێڵ بەسەر ڕووبەری کاغەزەکەدا دێتە دی)(بەرزنجی، 1999: 183)، ڕەنگدانەوەی ئەم شێوازەش وەك زۆربەی شێوەکانی تری ئەم جۆرە لادانانە پەیوەست بوو بە ئەو بزووتنەوە شیعرییەی دوای ڕاپەڕین لە هاوچەرخی کوردییدا، بە کاریگەری ڕێبازەکانی (سوریالی و دادایی) هاتەکایەوە، سەرەڕای ئەو بارودۆخە سیاسییەی، کە لە کوردستان هەبوو ڕێگەی بۆ ئەمجۆرە دەقانە خۆشکرد، لەم سۆنگەوە (هاشم سەراج) لە شیعری درێژی (بابمرم جانانە)دا بە کێشانی هێل بە دەووری ڕستە و دێرەشیعرەکان، شێویەکی نائاسایی لە نووسیندا پیشانداوە:

| |
|---|
| پەرچەم و پەیمانەو پەروانە و پەشمین و<br>پێروو و پەیڤین و پۆپەشمین |

فیردەوسی/لیمۆ و لاولاو و لالەزاری عیشقستان ، و
فۆبیای جوانییەکانی لاجانگ ، و لەبزینەکانی لەززەت
هەی فانتازیای

| |
|---|
| کەتانو کارێزو کاسو<br>کرێشەو کرێوەو کەهوو و<br>کۆستو کۆسارو کۆڵوانەو<br>کڵافەو کفرو کوفرو<br>کرۆسکو کسپەو<br>کردگاری کەژاڵی |

چاوخوماری وڵاتی من
تۆی سەلسەبیلی سیمینی/
ئاگرو ئەڤین و ئاونگی وشە
تۆی/ بادەگەر/ و/ فیتنەگەر/ و/ خەمبەر / و
غارەتگەی .../ کەچ کولاهی من/

| |
|---|
| ئەو کتێبی ڕەشڕەشی میهرینی میهرەبانییە<br>ئەو ئەتڵەسی نەخشینی خوداوەندی گیانییە<br>ئەو بلورینی مۆرفێمی خوماریی دڵ دینە |

(سەڕاج، ٢٠٠٥: ٢١٢)

وەك دەبینین، شاعیر لە نێوان هەر دوو سێ ڕستەی شیعرییدا، چەند ڕستەیەکی تری شیعری خستۆتەناو چوارچێوەیەکی لاکێشەیی لە هەردوو باری ئاسۆیی و ستوونییدا، بەمەش لە شێوازی باوی نووسینی ئاسایی لایداوە، ئەم لادانەش بەمەبەستە، چونکە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا، ڕاستەخۆ سۆنگەی دەخاتە سەر ئەو وشە و ڕستە و دێرانەی کە لەناو چوارچێوەکەدان، هەر ئەمانەش دەبنە مایەی پێدان لە هزرییدا و لەوێوە بۆ واتا و مەبەست و کردنەوەی کۆدە شیعرییەکان هەنگاو دەنێت.

(چنار نامیق)یش یەکێکە لەو شاعیرانەی کە تەواوی دیوانی (بە پێکێك دەڵێم بمبوورە ناتخۆمەوە) لەسەر شێوەیەك لەم تەکنیکە هونەرییە چنیووە، وەك لە شیعریکدا، دەڵێت:




(ناميق، ٢٠١١: ١٠٢)

گەر لەم دەقە بڕوانین، ئەوا راستەخۆ چاومان بە وێنەیەك دەکەوێت، وێنەکەش لە هزری هەریەکێکماندا لە شێوەی خۆر و تیشکەکانییەتی بۆ سەر زەوی، کە شاعیر بە ئاوێتەکردنی هێل و هێڵکاری نەخشاندوویەتی، بەجۆرێك هەر رستە و دێرێك بۆتە تیشکێك و ناونیشانەکەش بۆتە خودی خۆرەکە، کە دەشێت تاوناتاوێ لە سەرتا یا لە کۆتایی دێرەکاندا دووبارەبکرێتەوە، بەمەش خوێنەر بەر لە چێژوەرگرتن لە خوێندنەوەی دەقەکەدا، چێژ لە بینیندا وەردەگرێت.

(فەرهاد پیربال)یش بەهۆی هێل و بۆشایی و قەبارەی وشەکان شیعرێکی وێنەییدا، دروستدەکات:





(پیرباڵ، ٢٠١٣: ١٤٥)

ئەو هێڵە کێشراوە راستەخۆ گوزارشت لە دەرچوون لە سنووری زەویی، واتە ئاسمان و تۆپۆگرافییەکەی دەکات، کە لە دەقەکەشدا بۆتە تۆپۆگرافی شیعرەکە و لەگەڵ چەند وشەیەکی تردا ئاوێزان بووە، بەمەش وێنەکی هەولێر لە سەرووی ئاسمانەوە دەگرێت و پیشانی خوێنەری دەدات.

وشەکانیش راستەخۆ پەیوەستن بە چیرۆکی ژیانی شاعیر و شاعیر گوزارشت لە قۆناغەکانی تەمەنی دەکات لە شاری هەولێر، بە لابردن و سڕینەوەی ئەم هێڵ و چوارچێوەیەش دەقەکە بەشێك لە جوانی لەدەستدەدات، وشەکان ئەو واتا قوڵە نابەخشن.

(نەوزاد ڕەفعەت) لە شیعری (شەڕ)دا، راستەخۆ ئەنجامەکەی و پیشانی هەمووومان دەدات:




(ڕەفعەت، ٢٠٠٤: ٢٤٥)

خوێنەر بەر لە خوێندنەوە لە یەکەم دیتندا، وێنەی (گۆڕ)ێکی بەرچاو دەکەوێت، کە گوزارشتە لە (کۆتایی ژیان، کۆتایی زیندووبوون و مانەوە، مردن)، دواتر کاتێك وشەکان دەخوێنێتەوە، ئەوە ڕاستەخۆ پەیوەندییەکی واتایی لە نێوان (شەڕ) و (گۆڕ)دا دروستدەبێت، کە مەبەست ئەوەیە ئاکامی هەر شەڕێك کۆتاییەکەی مردن و ماڵوێرانییە، نەك پێشکەوتن و ژیان، بۆیە گەر ئەم وێنەیە لە وشەکان دابڕین، ئەوە جگە لە دووبارەبوونەی وشەی (شەڕ) واتایەکی تر نابەخشێت، یان گەر تەنیا وێنەکە هەبێت بێ وشەی (شەڕ)، ئەوە نازانرێت مەبەست لەم گۆڕە چییە؟؟و هی کێیە؟؟ و بۆچییە؟؟

(ئەحمەدی مەلا)ش لە شیعرێکدا، بە ئاوێزانکردنی وشە و ڕستە شیعرییەکان و دووبارەکردنەوەیان لەگەڵ هێل و چوارچێوەییەکدا، کە دوولای نارێکن، شیعرێکی وێنەیی دروستدەکات.





(مەلا، ٢٠٠٨: ١٩٥)

**4/1/ 4:** شیعر و شێوە ئەندازەییەکان:

وەك دەزانیین؛ وشە کەرەسەی سەرەکی شیعرە، شێوە ئەندازەییەکانیش بەشێکن لە زانستی ماتماتیکی، بۆیە کاتێك ئەمانە لەگەڵ شیعردا دێن، جوانی و ستاتیکایەکی تر بە دەق دەدەن، شێوە ئەندازەییش لە شیعردا بەهۆی ئەو کەرەسە زمانییانەوەیە لەبەر دەستی شاعیردا هەن، بەهۆی هەڵوەشاندنەوە و خستنەپاڵییەك و دووبارەکردنەوە لە (پیت ،وشە ،ڕستە...) ئەنجامدەدرێت، کە شاعیر بەپێی ویستی خۆی و بە لەبەرچاوگرتنی شێوە ئەندازەییەکان لە زانستی ماتماتیك: (بازنەیی، چوارگۆشە، تیرە، سێگۆشە،

پلیکانە ...) دروستدەکات، بەمەش شێوەی تۆپۆگرافیایی هەر دەقێك گرێدراوە بەو وێنە ئەندازەییەی، کە بەو پیت و وشە و رستە کێشراوە، لە بنەڕەتدا هیچ هێڵێك بەشداری تێداناکات، ئەوە هێلانەی هەن لە خەیاڵ و زەینی بینەر و خوێنەردا خۆیان دەبیننەوە، دواجار ئەمانە هەموویان لەسەر لادان لە پرۆسەی نووسینی شێوەی باوی زمانی کوردییدا یەکتر دەگرنەوە، لەم سۆنگەوە باس لەو شێوە ئەندازەییانە دەکەین، لەوانە:(پلیکانەیی، بازنەیی، تیرەیی، سێگۆشەیی، چوارگۆشەیی، تیرەیی)، بە تەواو و ناتەوەوە، وەك لەم شیعرانە بەرچاودەکەوێت:

(فەرید زامدار) یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە زۆرترین شیعری بەشێوەی ئاوێزانکردنی هونەری هێڵ و شێوە و وشە هەیە، تەنانەت دوو دیوانە شیعری بەم تەکنیکانە هەن، وەك شیعری (باپوك – زریان)دا:



(زامدار، 2007: 614)

لەم دەقەشیعرییەدا بەر لە خوێندنەوە شێوە و تۆپۆگرافییاکەی سەرنجمان ڕادەکێشێت، رەنگە کەسێك خوێندەوەواریش نەبێت، بەڵام شێوەی ئەم دەقەی لا سەیربێت، چونکە دەزانێت و تێدەگات؛ کە ئەم پارچە نووسینەبە بەراورد لەگەڵ ئەو نووسینانەی کە بینیوویەتی جیاوازە، بۆیە لێرە (بینین) بەر لە خوێندنەوە و تێگەیشتن دەبێتە مایەی چێژوەرگرتن، وەك دەبینین: دەقـەکە تەنیا بە بەکارهێنانی وشـــــە و ئاماژەیەك بۆ جوداکردنەوەی ریزبەندی رســـتەکان بە شێوەی ئەندازەی چنراوە، شێوەکەش (مەعین)ە، بۆیە گەربێت دەقەکـــە بخەینە سەر شێوە ئاســـــاییەکە، ئەوە گەر واتاکەشی وون نەکات، ئەوە چێژی بینین لە شێوە و تۆپۆگرافییادا لەدەست دەدات، بەم شێوەیە:

باپوك ـ زریان ـ کرمانجی سەروو
شەوان دەبمر بە پاپوك و لەناوگەڵاسپییەکاندا.
بەرزاخ لەناو ئەفتورە ڕەشەکاندا ...
ماری زێڕینیان پێدا دەڕوا
کە بزربوونی فڕینی پەپوولەکانیش دەبینم
لەناو ڕووە نەدیتراوەکانم شەهید دەکرێم
جارێکی دی لەناو ڕوخسارە
سیمرخیەکان زیندوودەبمەوە

شەقامی بۆمە ، زمانی ئینسان

(سەباح ڕەنجدەر)یش لە بەشێکی شیعری ( مەرگی ئاوێنە)دا، جۆرە تەکنیکی گەڕانەوەیی و هێڵکاری لە دەقەدا بەکارهێناوە:

**مەودای ڕێگاکان دیارن**
**ماوەم نادەن بڕۆم بەرەو بزربوون**
**ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان**
**چەند ساڵ ژیام ژیان**
**چەندان ساڵی تریش بژیم ژیان**
**ناتناسم ژیان**
**ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان**
**لە کەرنەڤاڵی گواستنەوەی کیژی زەوی بۆ کوڕی ئاسمان**
**هوما لەسەر شانی ڕاستم**
**بە گوێی چەپمی چرپاند**
**ناسین مەحاڵە**
**مردن مردن مردن مردن مردن**
**چـــــەنـــد ســــاڵ مـــردم مردن**
**چــەنـدان ســاڵـی تــریــش بـمـرم مردن**
**نووسینی سەر کێلی خۆم بۆ ناخوێندرێتەو مردن**
**مردن مردن مردن مردن مردن**
**لە کەرنەڤاڵی گواستنەوەی کوڕی زەوی بۆ کیژی ئاسمان**
**هوما لەسەر شانی چەپم بە گوێی ڕاستمی هاڕاند.** **(ڕەنجدەر، ٢٠١٨: ١٤١)**

شاعیر تەنیا بە سوود وەرگرتن لە وشە و بەبێ بەکارهێنانی هێڵ و هێڵکاری، شێوەی چەند ئەندازەیەکی کێشاوە، کە دووانییان لاکێشەی ناتەواون و لایەکییان لەدەستداوە، کە ئەمەش لە ڕووی واتاییەوە گوزارشتە بۆ سووڕی ژیانی مرۆڤ، هەر لە بوون و گەورەبوون و پیریوون و مردن، چونکە گەر مرۆڤ لە چوارچێوەیەکدا شێ لای بەدەست خۆی بێت و لێی دیاربێت، ئەوە لایەکی تری نهێنییە و نەزانرەوە، ئەویش ئەو ژیانەیە ئەبەدییەیە کە دوای مردن هەیە، ئەمەش بەڕوونی لە وشە و دەستەواژەکاندا بەدیدەکرێت و هەرلەوێش جۆرێك لە روانگە و ئایدیای شاعیر بۆ سۆفیزمی بەدیدەکرێت.

(فەرهاد پیربال) لە بەشێکی شیعری (گۆڕینی ڤێرگول و گۆڕینی شوێنی وشەکان، لەپێناو تەقاندنەوەی تریفانەوەی توانا و تێگەیشتووە تینووەکانی تەنیایی)دا، شێوەی پیتی (د) یان تیشکی دروستکردووە:

**هەموو ڕێیەك دەچێتەوە سەر بانە**
**هەموو ڕێیەك بانە، دەچێتەوە سەر**
**هەموو ڕێیەك سەربانە، دەچێتەوە**
**هەموو سەربانە، دەچێتەوە ڕێیە**
**هەموو سەر دەچێتەوە، بانەڕێیەك**
**هەموو بانە، سەر دەچێتەوە ڕێیەك.**
**هەموو دەچێتەوە سەر بانە ڕێیەك .**
**ڕێیەك دەچێتەوە سەر هەموو بانە .**
**ڕێیەك، هەموو، دەچێتەوە سەر بانە.**
**ڕێیەك دەچێتەوە، هەموو سەربانە.**
**ڕێیەك بانە، دەچێتەوە سەر هەموو.**
**ڕێیەك بانە، دەچێتەوە هەموو سەر.**
**(پیربال، ٢٠١٣: ١٧٨)**

(جەلال بەرزنجی)یش لە یەكێكە لەو شاعیرانەی بەشێوەی جیاواز دەق دەنووسێت، وەك شیعری (تەواو بوونی تەمەن)دا، بەسوود وەرگرتن لە شێوە ئەندازەییەكان، دەقێك دەچنێت و دەڵێت:

تەمـەن،
هێلــەكان و
باڵەكانی بـردەوە.
مرۆڤ لە تۆفان هاتەوە،
شـــەڕەكـانی نوێكــردەوە،
مـرۆڤ لە بیــابان هاتـــەوە،
شـەوان بە شمــشێرەوە دەخەوت.
مـــــــرۆڤ لە شـــــــــاخ گەڕایـــەوە،
یادەوەرییەكانی لە شەوە سوورەكاندا سڕایەوە.،
هەمووشیان پێكەوە، سەمای بەرزایی روحیان لە دەست دا. (بەرزنجی،2009: 291)

شاعیر بە وشە و رستەكانی دەقەكە شێوەی سێگوشەیەكی كێشاوە، كە گۆشەیەكی بە لووتكە كردووە و لەسەرەوە دایناوە، بەمەش گوزارشتێكی روونە بۆ خودی ناونیشانی دەقەكە، كە مرۆڤ هێوش هێواش بەپێی قۆناغەكانی گەشەكردن و ژیان و بەپیرەوەچوون و خستنەسەریەكی ساڵەكانی تەمەنی، تەمەن و ژیانی بەرەو كەمتر و چێت، تا دەگاتە لووتكەی تەمەن، كە پیرییە و دواتریش مردن و نەمان و ونبون لەم ژیانە یەخەی دەگرێت.

(مەهاباد قەرەداغی)ی بە پێچەوانەی شێوەی ئەندازەیی ئەم دەقەی سەرەوە، لە شیعری (وەرن با هەموومان یەكترمان خۆشبووێ)دا، باس لە ئەنجامی (خۆشویستن دەكات)، دەڵێت:
تازە دەست لە پەلەوەرە نیگەرانەكانی دارستان هەڵناگرم
باڵی هەموویان بە خەنەی وەنەوشەیی دەڕەنگێنم
دڵی هەموویان بە ئاوریشمی شنە دەپێچمەوە
وەرن با هەموومان یەكترمان خۆشبوێ
یەكتریمـــان خۆش دەوێ
خــــۆش بوێ
خۆش! خۆشویستن مرۆڤ گەورە دەكا. (قەرەداغی،2013: 306)

هەڵبەت تۆپۆگرافیی و شێوەی ئەندازەیی ئەم دەقە؛ شێوەی سێگۆشەیەكە، كە لەسەر گوشەیەك وەستاوە، ئەم گۆشەیەش خۆی لە واتای (ڕێز و خەویستی و یەكترقبوڵكردن)دا، دەبینێتەوە.
لەم سۆنگەوە شاعیر دەیەوێت بڵێت: پایە و گیرەكی گەورەبوونی كەسایەتی مرۆڤ، بریتییە لە (ڕێزداریی و بەخشندەیی و میهرەبانی..)، كە ئەمانە وادەكەن كەسایەتییەكی گەورە بۆ تاك بخوڵقێنن، نەك تەنیا لەكاتی بوونییان-لەژیان، بەڵكو بە نەمانیشیان ناوبانگییان بمێنێتەوەو بە باشە باسبكرێن، هەربۆیە لە دوا رستەدا بە راستەخۆ داوا دەكات كە (وەرن با هەمووما یەكترمان خۆشبوێ) چونكە (خۆشویستن مرۆڤ گەورە دەكا).

**5: ئەنجام:**

1. ئەگەر لادان لە پڕۆسەی باوی نووسینی زمان؛ لە وتارێكی (نائەدەبی) كارێكی ناقۆڵا و ڕێگەپێنەدراوبێت، ئەوا لەدەقێكی ئەدەبییدا و بەتایبەت لە شیعردا، نەك هەر كارێكی نادروستە، بەڵكو پڕ لە داهێنان و ستاتیك بەخشیشە، گرنگیدان بەم

سیستەمە ناباوە لە شێوەدا-تۆپۆگرافیادا، بەشێکە لە هەوڵ و کۆششی ئەدەبی تازەگەریی و هەوڵدانێکە بۆ بەرجەستەگرنی جوانی و شیعرییەتی دەق.

2. شیعر و زمانی شیعریی وەکو زمانی ئاسایی شێوە و حاڵەتێکی چەسپاو و نەگۆڕی نییە، بە بەپێی گۆڕانی باری دەروونی شاعیر و دەربڕینە شیعرییەکانیش دەگۆڕێن، لادان لە شێوەی باوی نووسین و ئاوێتەکردنی بە (وێنە و هێل و شێوە...) هەوڵێکی تازەگەریی شاعیرانی هاوچەخیکوردییە، تایبەت شاعیرانی دوای ڕاپەڕین، کە بەهۆی کاریگەریی ڕێبازە ئەدەبییەکانی (سوریالی، دادایی) لە ڕێگەی چەند شاعیرێکەوە گوزرایەوە بۆ باشووری کوردستان.

3. شیعری هاوچەرخی کوردیی دوای ڕاپەڕین (1991-2003)، زیاتر لە نیگار و وێنە نزیکبوویەوە، ئەگەرچی بەرهەڵستی دەکرا، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەم نزیکبوونەوەیە ئاساییە، چونکە ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی لقێکە لە لقەکانی هونەرە جوانەکان، بەمەش توانرا دەقی هاوچەرخی کوردی خۆی لە شێوە و شێوازە کۆنینەکان جوێ بکاتەوە و بە جیهانبینییەکی جیاواز و فۆڕمێکی سەخت و تازە، بوونی خۆی بسەلمێنێت.

4. ئەگەر جاران شاعیران بەهۆی وشە و دەستەواژە واتاییەکانی ناو دەقی شیعری (وێنەی شیعری)یان دروستدەکرد، ئەوە شاعیری هاوچەرخ هەر بەهۆی ئەو وشە و دەستەواژە واتاییانەی ناو شیعر، سەرەڕای دروستکردنی (وێنەی شیعری)، توانییان (شیعری وێنەیی و شێوەیی)ش دروست بکەن، بەمەش لە لایەك بەر لە خوێندنەوە بایەخدرا بە ستاتیکای (بینیین) بەر لە خوێندنەوە، ئەم شێوە جیاوازانە بوونە هۆی ئەوەی، کە دەرگای بیرکردنەوە لە خوێنەر واڵاتر بکەن، تاکو بەپێی ئەو جیهانبینیی و لێکدانەوەی خۆی ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە، چونکە ئەو دەقە شێوەییانە تەنیا لەئاستی سەرەوەدا واتادار نین، بەڵکو لە رۆنانی ژێرەوە- ناوەوەشدا پڕن لە واتای جۆراوجۆر و مەبەستی پەنهانی و شاراوە.

5. بەهۆی لادان لە پرۆسەی باوی نووسین لە زمانی کوردییدا، دەقەکانی ئەم قۆناغە چەندین شێوە و تۆپۆگرافیای جیاوازیان بۆ دروستبوو، لەوانە: (شیعری وێنەیی)، (شیعری لاڵ- بەتاڵ)، (شیعری ئەندازەیی) و (شیعری هێلکاریی،...)، هەڵبەت ئەم وێنە و بۆشایی و هێڵ و هێڵکارییەکانەش بەپێی جیهانبینیی شاعیر دەکێشران و دادەنران، بۆیە راستەوخۆ گوزارشتن بۆ باری دەروونی و ویژدانی شاعیر بەرانبەر ژیان و دیاردەکانی بوون.

**6: لیستی سەرچاوەکان:**

**1/6: کتێبەکان:**

**1/1/6: کتێبەکان بە زمانی کوردی:**


1. *ئیبراهیم، محەمەد عەبدولکەریم (2012)، پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی نوێوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.*
2. *بەرزنجی، جەلال (2009)، هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان و سەرجەم شیعرەکانی تر، چاپی یەکەمچاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.*
3. *پیرباڵ، فەرهاد (2013) ، پەناهەندەی ژمارە 333 33- سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکان، چاپی چوارەم، بڵاوکراوەی غەزەلنووس، سلێمانی.*
4. *جزیری، مەلا (1361)، دیوانی عارفی ربانی شێخ ئەحمەدی جزیری، شەرح. هەژار موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سروش، تاران.*
5. *دەروێش، سەروین (2019)، بەدەم ئازارەوە سەما، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکراوەی ماڵی کتێب، هەولێر.*
6. *ڕەفعەت، نەوزاد (2004)، پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.*
7. *رەنجدەر، سەباح (2018)، دیوانی سەباح ڕەنجدەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.*
8. *رەنجدەر، سەباح (2019)، چوارکتێب لە بارەی شیعرەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر.*
9. *زامدار، فەرید (2007)، شەڕی وشەکان نیو نوقتە لەژێر نیوەدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.*
10. *سابیر، پەرێز (2006)، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نویکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.*
11. *سلیمان، حسن (1987)، هونەری تەشکیلی، و. نەژاد عەزیز سورمێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی حسام، بەغداد.*
12. *سورمێ، نەژاد عەزیز (2005)، تاڤگەی مەند و ئەوانی تر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.*
13. *سەراب (2003)، ئێوارە سەرابییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی الادیب، کەرکوك.*
14. *سەڕاج، هاشم (2005)، زینانی رۆح، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.*
15. *فەتاح، محەمەد مەعروف (2010)، لێکۆڵینەوە زمانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات. هەولێر.*
16. *قەرەداغی، مەهاباد (2013)، دیوانی مەهاباد قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.*
17. *کۆهێن، جان (2008)، بنیاتی زمانی شیعری، و. ئازاد عەبدولواحید کەریم + عەلی بەرزنجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك.*
18. *گەردی، سەردار ئەحمەد (2004)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (1970-1991)، چاپی یەکەم، چاپی سەردەم، سلێمانی.*
19. *لەتیف، هەڵمەت (2014)، دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.*

20. محەمەد، ئاراس عەبدوڵڵا فەقێ (2008)، دەریا، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
21. مەلا، ئەحمەدی(2008)، کۆ شیعرەکانی ئەحمەدی مەلا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج، سلێمانی.
22. نالی، مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی(1976)، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: مەلا عەبدولکەریمی مودەرس و فاتح عەبدولکەریم، پێداچوونەوە: مەحەمەدی مەلا کەریم، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.
23. نامیق، چنار (2011)، بە پێکێك دەڵێم بمبورە ناتخۆمەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشەنبیری، هەولێر.

### 2/1/6: کتێبەکان بە زمانی عەرەبی:

24. حمدامين، إسماعيل حميد (2010)، التراكب التوليدية التحويلية في شعر الراعي النميري، طبعة الاولي، دار الراية للنشر والتوزيع، عمان، اردن.
25. فضل، صلاح (1998)، علم الاسلوب، مبادئة وأجرائة، طبعة الاولى، دارالشروق، القاهرة.
26. قاسم، عدنان حسين (2006)، لغة الشعر العربي طبعة الاولى، الدار العربية للنشر والتوزيع، ليبيا، مصر.
27. كوهن، جان (1976)، بنية اللغة الشعرية، ت: محمد الولي ومحمد الحمري، طبعة الاولى، دار توبقال للنشر، المغرب.

### 2/6: نامە ئەکادیمییەکان:

### 1/2/6: نامە ئەکادیمییەکان بە زمانی کوردی:

28. حەمەساڵح، دلاوەر ئیبراهیم (2015)، شیعرییەت لە دەقەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا، نامەی ماستەر، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
29. سەعید، زاهیر ئیسماعیل (2014)، رۆڵی گروپی نوێخوازی (وێران) لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، نامەی ماستەر، زمانی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

1/2/6: نامە ئەکادیمییەکان بە زمانی عەرەبی:

30. کەریم، باوەدین مەولود (2007)، البنيه الشعرييه مسرحيات، محي الدين زنكنة، رساله دكتورا، كلية اللغات، جامعة سليمانية- سليمانية.

3/6: گۆڤار و رۆژنامەکان:

31. بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر (1994)، جوگرافیای دەق و ئامادەبوون و دیارنەبوونی رەشی و سپێتی، گ. کاروان، ژ. 12ی خولی راپەڕین، هەولێر.
32. بەرزنجی، عەبدوڵڵا تاهیر (1999)، دەقی نیگارکاری-بینینکاری، گ. گەلاوێژی نوێ، ژ. 12-13، سلێمانی.
33. پیرباڵ، فەرهاد (2004)، ئەزموونی شێوەکارییەکانم لە نووسیندا، گ. شین، ژ. 1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
34. پیرباڵ، فەرهاد (1994)، چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرنووسەری گۆڤاری (وێران)، ر. کوردستانی نوێ، ژ، ٨٤٦، سلێمانی.
35. پیرباڵ، فەرهاد (1996)، تۆپۆگرافیای تێکستی شیعری، گ. رامان، ژ. 1، هەولێر.
36. جەلال، ئەسکەندەر (1998)، شیعری شێوەکاری یا شێوەکاری شیعر، گ. رامان، ژ. 29، هەولێر.
37. سەراج، هاشم (1995)، (وێران) یان پرۆژەیەکی نوێخوازی، ر. کوردستانی نوێ، ژ. 879، هەولێر.
38. عەبدوڵڵا، پەروین (1999)، شیعری وێنەی، گ. رامان، ژ. 36، هەولێر.
39. عەبدوڵڵا، دڵشاد (2006)، چاوپێکەوتن، ئازاد عەبدولواحید، گ. رامان، ژ. 103، هەولێر.
40. مەسیفی، ئەنوەر (2005)، فۆڕمی گران، گ. شین، ژ. ١٥-(ئەنوەرمەسیفی)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

**الانحراف عن الاسلوب المالوف في الشعر الكردي المعاصر**
**شعر بعد الانتفاضة (١٩٩١-٢٠٠٣) نموذجا**
**دراسة الاسلوبية**

**م. كامران ابابكر خضر**
كلية التربية- شقلاوة / قسم الكوردي
جامعة صلاح الدين-أربيل

**ا. د. سليم رشيد صالح**
كلية التربية / قسم الكوردي
جامعة صلاح الدين-أربيل

**ملخص**

اللغه هى الدعامه الاساسيه للمنهجية، ومن هذه المبادئ (الانحراف) عن القانون وعن دستور اللغة، وبحسب معظم الاساليب، فإن الانحراف هو الاساس الرئيسي للشعر، وهو ما يميز النص الشعري عن التعبير العادى. إنها محاولة لإظهار نوع من الانحراف عن الاسلوب الشائع للكتابة في الشعر الكردي بعد الانتفاضه.

**كلمات الداله**: الانحراف،الفراغ الشعري، الشعري التصويري، الشعري التشكيلي و الهندسي.

**Deviation From the common Style of Writing in contemporary Kurdish poetry/Poetry after the Uprising (1991-2003) as a sample.**

**It's a Stylistics study**

**Kamaran Aba-bakr Khudhur**
College of Education-Shaqlawa, Kurdish Department,
Salahuddin University-Erbil

**Salim Radhid Salih**
College of Education, Kurdish Department,
Salahuddin University-Erbil

**Abstract**

Language is the main pillar of Stylistic, and one of these principles is deviation from the rules and constitution of the language. According to most stylistic poets, deviation is the main basis of poetry, which distinguishes the poetic text from normal and daily expression. This is because using language is different from each other, This study is an attempt to show a kind of deviation from the common style of writing in Kurdish poetry after the uprising.

**keyword:** Deviation, Poetic space, Figurative poetry, Graphic poetry, and Geometry forms poetry.